## پێشبڕکێی براوە گەورەکە

## مەرج و ڕێساکان

پێشبڕکێی براوە گەورەکە لە 2023/07/31 دەستپێدەکات وهەتا 2024/01/31 دەخایەنێت.بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە خزمەتگوزاری کڕیار بە ژمارە 111 و سەیری مەرج و ڕێساکانی خوارەوە بکە. هەموو بەشداربوویەکی پێشبڕکێیەکە دەبێت بە تەواوی لە مەرج و ڕێساکانی پێشبڕکێی یاری بکەو ببەرەوە لەگەڵ ئاسیاسێل تێگەیشتبن هەروەها ڕەزامەندی بوون و بەشداریکردنیان لە پێشبڕکێیەکە دەرخستبێت لە ڕێگەی ناردنی کورتە نامەیەک بۆ 4600 ،4601 ، یان 4603 یان لە ڕێگەی لینکی وێبسایتەکە (https://grandwinner.net/ku/welcome).

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا،بەشداربووەکە بە تەواوی ڕازی دەبێت لەسەر مەرج و ڕێساکانی پێشبڕکێیەکە بەتەواوەتی لێیان تێدەگات،بە تایبەتی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە :

- ڕازی دەبێت لەسەر وەرگرتنی کورتەنامە لە ئاسیاسێلەوە کە پەیوەندی بە پێشبڕکێیەکەوە هەبێت.
- ڕازی دەبێت لەسەر وەرگرتنی کورتەنامە لە ئاسیاسێلەوە یان لە کارپێکەری پێشبڕکێیەکە کە مامەڵە لەگەڵ ئاسیاسێل دەکات.
- ڕازی دەبێت لەسەر پێدانی مافی ڕەت کردنەوە یان هەمووارکردنەوەی مەرجەکانی پێشبڕکێیەکە بۆ ئاسیاسێل بە پێی ئەو ڕێنماییانەی لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەندیکردن و میدیاوە دەردەچێت یان هەر دەزگایەکی فەرمی کە پەیوەندیدار بێت بە پێشبڕکێکەوە. گۆڕانکاریەکان لە وێبسایتی ئاسیاسێل www.asiacell.com ەوە بڵاو دەکرێتەوە و بەشداربووەکە مافی ئەوەی هەیە کە بەردەوام بێت لە لە پێشبڕکێکە یاخود نا.هەروەها ئاسیاسێل پارێزگاری لە مافی درێژکردنەوە یان ڕەت کردنەوە یان هەمووارکردنەوەی هەر پێشبڕکێیەک دەکات لە هەر کاتێکدا بێت.
- مەرجەکان لە کاردا دەمێنێتەوە بەدرێژایی هەموو پێشبڕکێکە(ڕاگرتنی کاتیی پێشبڕکێکە بۆ کارپێکردن یان لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە نابێت لەبەر چاو بگیرێت).
- ئاسیاسێل مافی خۆیەتی بۆ ڕاگرتن و دەرکردنی هەر بەشداربوویەک لە تەواوکردنی پێشبڕکێکە یان بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە لە حاڵەتێکدا ئەگەر مەرجەکانی پێشبڕکێکە جێبەجێ نەکرێت یان لە حاڵەتی تێوەگلان لە هەر کارێکی نایاسایی یان هەر هەڵسوکەوتێکی نەشیاو لە کاتێکدا بەشداربووەکە تەنها لە ڕێگەی تۆڕی ئاسیاسێلەوە بێت.

**ئەو کەسانە کێن کە شیاو نین بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێکە ؟**
**ڕێگە پێدراو نیت بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێکە ئەگەر :**

- بەشداربووانی ئاسیاسێل کە کار بۆ ئەو دامەزراوانە دەکەن کە پێشبڕکێکە ڕێک دەخات لەگەڵ ئاسیاسێل دا بە مەرجێک کە لە نێو ئەو کەسانە بن کە کار دەکەن بۆ جێبەجێکردنی پێشبڕکێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.
- ئەوانەی تەمەنیان خواروو 18 ساڵە.
- هەموو فەرمانبەرانی ئاسیاسێل.

**میکانیزمی کشانەوە لە پێشبڕکێکە و دەست کەوتنی زانیاری سەبارەت بە خاڵەکان**

- هەر بەشداربوویەک دەتوانێت لە پێشبڕکێکە بکشێتەوەو بەشداریەکە هەڵبوەشێنێتەوە لە ڕێگەی ناردنی ژمارە 0 بێبەرامبەر بۆ ژمارە4601 ,4600 یان بۆ 4603. ئەگەر هەر کورتەنامەیەکی نوێ ژمارە 5 یان 9 ی تیدا بێت و نێردرا بۆ ژمارە4601 ,4600 یان بۆ ژمارە 4603، ئەوە بە داخڵ بوونێکی نوێ هەژمار دەکرێت.
- زانیاری سەبارەت بە ژمارەی ئەو خاڵانەی لە لایەن بەشداربووانەوە بەدەست هاتووە لە کاتی پێشبڕکێیەکەدا ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نێردراوە لەڕێگەی کورتە نامەوە.بۆ دۆزینەوەی ئەو خاڵانەی تۆمارکراون، ئەوە بەشداربووەکە دەتوانێت پیتی (P) یان (ن) بنێرێت لە ڕێگەی کورتە نامەیەکەوە بۆ ژمارە 4601, 4600 یان 4603 و یان لە ڕێگەی وێبسایتەکە (https://grandwinner.net/ku/welcome).

- بەشداربووەکە دەتوانێت زمانەکە بگۆڕێت لەڕێگەی ناردنی ژمارە (5) بۆ زمانی عەرەبی یان ژمارە (9) بۆ زمانی کوردی لە ڕێگەی ناردنی کورتەنامەیەکی بێبەرامبەر بۆ ژمارە4601, 4600یان 4603 و یان لە ڕێگەی وێبسایتەکەوە (https://grandwinner.net/ku/change-language?previous=/faq).

**چۆن بەشداری بکەیت لە پێشبڕکێیەکەدا:**

- بە مەبەستی بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکەدا ، بەشداربووەکە دەبێت ژمارە 5 بنێرێت بۆ زمانی عەرەبی و ژمارە 9 بۆ زمانی کوردی لەگەڵ کورتە نامەیەکی بێبەرامبەر بۆ ژمارە 4601, 4600یان 4603 و یان لەڕێگەی وێبسایتەکەوە (https://grandwinner.net/ku/welcome). هەرکات بەشداربووەکە داخڵی پێشبڕکێیەکە بوو ئەوە 3 ڕۆژ وەردەگرێت وەکو بەشداربوونێکی بێبەرامبەر و دواتر نامەیەکی بەخێر هاتن وەردەگرێت لەگەڵ 100 خاڵدا.
- بە کلیک کردن لەسەر بەستەری ناو پرسیارەکە بەشداربووەکە ئاڕاستە دەکرێتەوە بۆ وێب سایتەکە ،پرسیار لە بەشداربووەکە دەکرێت کە ژمارەی مۆبایلی داخڵ بکات ،لەسەروو ئەمەشەوە بەشداربووەکە کۆدێکی پشتڕاستکردنەوە وەردەگرێت لە ڕێگەی کورتەنامەیەکەوە کە دەبێت دا اخڵی بکات لە وێب سایتەکە. بە تەواوکردنی ئەم هەنگاوانەی لای سەرەوە ئاماژەی پێدرا ئەوە بەکارهێنەرەکە خزمەتگوزاری"براوەی گەورە "هەڵدەبژێرێت و دەتوانێت دەست بکات بە پەیوەندیکردن لەگەڵ خزمەتگوزاریەکە.
- بەشداربوو دەتوانێت وەڵامی 5 پرسیاری بێبەرامبەری پاکێجەکە بداتەوە لەڕێگەی ناردنی ژمارەی وەڵامەکە بۆ ژمارە 4603 ، و 100 خاڵ بۆ هەر وەڵامێکی ڕاست و 20 خاڵ بۆ هەر وەڵامێکی هەڵە وەردەگرێت، دەتوانیت پاکێجێکی تازە بکریت لەم 5 پرسیارە بە بڕی 1200 د.ع لە ڕێگەی ناردنی وشەی ( زیاتر) بۆ ژمارە 4602.
- لەدوای کۆتایی هاتنی ماوە بێبەرامبەرەکە، نرخی بەشداربوونی ڕۆژانە 300 دینارە.لە حاڵەتێکدا بەشداربووەکە بڕی پارەی تەواو بەردەستنەبوو بۆ نوێ کردنەوەی بەشداربوونەکەی، ئەوا نوێکردنەوەیەکی بچووکی بەشداربوونی ڕۆژانە بە نرخی 150 دینار دەبڕدرێت لەگەڵیشیدا 25 خاڵ کە پەیوەندی بە بەشداربوونی ڕۆژانەکەوە هەیە. کرێی بەشداربوونی لێ دەبڕدرێت هەتا بڕی تەواو وەردەگریت (300) دینارە.
- کورتەنامە وەردەگرێت کە ئاگادارت دەکاتەوە لەسەر نرخی بەشداربوون و لێبڕین چونکە بەشداربوون و لێبڕین لەسەر بنەمایەکی ڕۆژانەیەو ئۆتۆماتیکیە.

**شوێن،بەروار،کات و ڕیزبەندی خەڵاتەکان**

- هەر بەشداربوویەک تۆماردەکرێت لە ماوەی پێشبڕکێیەکەدا کە لە یەکەم ڕۆژی پێشبڕکێیەکەوە دەست پێ دەکات هەتا کۆتا ڕۆژی پێشبڕکێیەکە.
- ناوی خاوەنی هەموو خەڵاتەکان بڵاودەکرێتەوە. ئاسیاسێڵ ناوی براوەکان بڵاودەکاتەوە لە ڕۆژنامەو سایتی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و وێبسایتی کۆمپانیاکە www.asiacell.com بۆ مەبەستی بازاڕکردن.
- بە بەشداریکردن لە پێشبڕکێکەدا،بەشداربووان ڕەزامەندی خۆیان دەربڕیوە بۆ بڵاوکردنەوەی ناویان لەو بابەتانەی پەیوەندی بە پێشبڕکیکەوە هەیە هەروەها بۆ بەکارهێنانی وێنەکانیان و یان دەنگیان لە لایەن ئاسیاسێڵەوە لە هەر میدیایەکەوە بێت بۆ ماوەیەکی نا سنووردار لە هەموو جیهاندا وەکو لە سەروە ئاماژەی پێدرابوو.
- هەمان ژمارە (MSISDN ) یان بەشداربوو ناتوانێت هەمان جۆری خەڵات بباتەوە (خەڵاتی ڕۆژانە -خەڵاتی هەفتانە) لە جارێک زیاتر لە ماوەی مانگێکدا.
- سێ جۆر خەڵات هەیە،یەکەم جۆر 500 هەزار دینارە ڕۆژانە و هەرەمەکیە،دووەم جۆر 5 ملیۆن دینارە کە هەفتانەیەو بە شێوەی تیروپشکی هەڕەمەکیە لە نێوان 100 بەشداربووی سەرەکی ( ئەوانەی بەرزترین خاڵیان هەیە)، خەڵاتە گەورەکە بڕی 50 ملیۆن بەشێوەی تیروپشکی هەڕەمەکی لە نێوان بەشداربوان لە ماوەی 6 مانگدا.
- براوەی ڕۆژانە دەست نیشان دەکرێت لەڕێگەی ئەنجام دانی ڕاکێشانێکی ئەلەکترۆنی و تۆمارەکەش پێک دێت لە گروپێکی بەشداربووان کە هاوتایە لەگەڵ کۆی ئەو خاڵانەی لەلایەن هەر بەشداربوویەکەوە بەدەست هاتووە لە ڕۆژێکدا هەتا (23:59:59) -بەشداربووەکە داخڵی تیروپشکی ڕۆژانە دەبێت لەگەڵ ئەو خاڵانەی کە کۆی کردۆتەوە لە هەمان ڕۆژدا بە

مەرجێک ئەو پارەیە لە بەشداربوو وەربگیرێت بە لانی کەم یەک جار لە ماوەی ڕۆژی تیروپشکەکەدا.ئەو خاڵانەی لە لایەن بەشداربووەوە کۆکراوەتەوە ناتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ ڕۆژی دواتر.لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشداربوو لە ماوەی 3 ڕۆژی بێبەرامبەردا بێت ئەوە داخلی تیروپشکەکە دەبێت تەنانەت ئەگەر هیچ برە پارەیەکی لێ کەم نەکرابێتەوە لە باڵانسەکەی. لە کاتی پێشبڕکێیەکەدا ،هەر خاڵێک وەرگیرابێت لە وەڵامەکان لە تیروپشکەکەدا ئەوە چاودێری دەکرێت لە داتا بەیسی بەشداربووەکە.بۆ نموونە، ئەگەر 100 خاڵ وەربگریت بۆ وەڵامی ڕاست ( MSISDN) ئەوە شایستەی 100 داخڵ بوون دەبێت و هەر ڕاکێشانێک یەک براوە دەست نیشان دەکات.

- براوەی هەفتانە دەست نیشان دەکرێت لە ڕێگەی ئەنجام دانی ڕاکێشانێکی ئەلەکترۆنی لە نێوان 100 بەشداربووی سەرەکی کە بەرزترین ژمارەی خاڵی کۆکردۆتەوە لە ماوەی هەفتەیەکی دیاریکراودا هەتا ئەو شەممە دیاریکراوە ( لە 23:59:59). لە حاڵەتی یەکسان بووندا ئەوە ئەو بەشداربووەی  دەگاتە بەرزترین خاڵ یەکەم جار ئەوە دەچێتە تیروپشکەکە.
- خاڵەکانی بەشداربوو کە کۆکراوەتەوە بۆ خەڵاتی هەفتانە ئەوانەن کە  کۆکراونەتەوە  لە کاتی هەر ماوەیەکی هەفتانەدا. شیاو دەبێت بۆ بردنەوەی خەڵاتی هەفتانە،بەشداربوو دەبێت بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پارەی لێ وەربگیرێت بە لانی کەمەوە یەک جار لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا جگە لەوەی لە “ماوەی بێبەرامبەردا بێت ” کە (سێ ڕۆژی یەکەمی بەشداربوونەکەیە).
- خاڵەکانی بەشداربوو هەژمار دەکرێت بۆ خەڵاتە گەورەکە لە ماوەی 6 مانگدا.

**گەیاندنی خەڵات**

- هەموو براوەکان پەیوەندیان پێوە دەکرێت لە ئاسیاسێڵەوە لە ڕێگەی سەنتەری خزمەتگوزاری کڕیارەوە.
- ناوی براوەکان بڵاودەکرێتەوە لە وێب سایتی کۆمپانیا بۆ ماوەی کە کەمتر نەبێت لە مانگێک لە دوای پێشبڕکێکەوە ،جگە لەمەش پەیوەندیەکی تەلەفۆنی و کورتەنامە دەنێردرێت بۆ براوەکە.
- هەموو خەڵاتەکان دەگەیەنرێتە براوەکان لە ماوەی 30 ڕۆژ لە بەرواری پەیوەندیکردن بە براوەکەوە.
- براوەکان لە ڕێگەی ئاسیاسێڵەوە پەیوەندیان پێوە دەکرێت و دەبێت بەڵێننامەی بەشداربوونیان بدەنە ئاسیاسێڵ بۆ ئەو هێڵەی کە بەشداربوون لە پێشبڕکێیەکەدا لەگەڵ هەموو دۆکیومێنتێکی پێویستی تر.بریکاری براوەکە دەتوانێت خەڵاتەکە وەربگرێت لە ڕێگەی دەزگایەکی گشتی کە لەلایەن نووسینگەی دادنووسەوە باوەڕپێکراو بێت لە گەڵیشیدا مافی گرتن لەگەڵدا بێت بە گەیاندنی هەموو دۆکیومێنتە پێویستەکان.
- لە حاڵەتێکدا ئەگەر براوە کە مردبێت،ئەوە خەڵاتەکە دەدرێتە دەستی میراتگرەکەی بە پێی یاسا کارپێکراوەکان و دوا بڕیارە دادوەرێکان و میراتگرەکەش دەبێت دۆکیومێنت و بڕیاری پێویست پێشکەش بکات لەم بارەیەوە و پابەند بێت بە مەرج و ڕێساکانی ئەم پێشبڕکێیەوە.
- خاوەنی سیمەکارتەکە دەبێت کەسێکی ڕاستەقینە بێت و لە حاڵەتێکدا ئەگەر بە ناوی کۆمپانیایەکەوە یان هەر دەزگایەکی فەرمی یان نا فەرمی یان ڕێکخراوێکەوە تۆمارکرابێت،ئەوە خاوەن سیمەکارتەکە پێویستە نامەیەکی پشتگیری لەو لایەنەوە پێشکەش بە کۆمپانیا بکات بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە و سیمەکارتەکەی پێ بێت بە پێچەوانەشەوە مافی وەرگتنی خەڵاتەکە پشتگوێ دەخرێت لە هەر لایەنێکی ترەوە.
- بە بەشداربوون لە پێشبرکێیەکە،ئاسیاسێڵ بە مافی خۆی دەزانێ بۆ بڵاوکردنەوەی ناوو نازناو یان وێنەی براوەکە،دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە لایەن ئاسیاسێڵەوە بۆ کاری ریکلام کردن و براوەکەش ڕەزامەندی بوونی خۆی ئیمزا دەکات بۆ ڕاگەیاندنی ناوی تەواو و نازناوو هەروەها بڵاوکردنەوەی وێنەکەشی وەکو یەکێک لە بەشداربووان کە خەڵاتی یاری بکەو ببەرەوەی بردبێتەوە،بە هەموو شێوەیەک ئاگادارکردنەوەی بەشداربووان وەکو لەم مەرج ورێسایانەدا ئاماژەی پێدراوە.
- لە حاڵەتێکدا ئەگەر بەشداربووەکە بردیەوە، ئەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت لە دوای هەڵبژاردنی براوەکان و بەپێی ئەو دەقانەی کە لە لایەن کۆمسیۆنی پەیوەندیەکان و میدیاوە پێشکەش کراوە،ئەوە کورتەنامە دەنێردرێت بۆ بەشداربووی براوە وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا.هەوڵی پەیوەندیکردن دەکرێت بۆ ماوەی 3 ڕۆژ لە بەرواری وەرگرتنی یەکەم نامەوە.ئەگەر بەشداربووەکە وەڵامێکی وەرگرت ئەوە 30 ڕۆژی دەدرێتێ لە بەرواری وەڵامدانەوەکەوە بە مەبەستی وەرگرتنی خەڵاتەکە و لە حاڵەتێکدا ئەگەر نەتوانرا پەیوەندی بە براوەکەوە بکرێت لەو ماوەیەی دیاریکرابوو بۆ وەڵامنەدانەوە یان هێڵەکە دا خرابوو یان ئەگەر براوەکە بڕی خەڵاتەکەی وەرنەگرتبوو (خەڵاتی گەورە یان هەفتانە یان ڕۆژانە)لە ماوەی دیاریکراودا بۆ ڕەتکردنەوەی یان ئامادە نەبێت،ئەوە مافی بەشداربووەکە بۆ دەست کەوتنی خەڵاتەکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پشتگوێ دەخرێت و دەستی بەسەرا دەگیرێت و بەبێ ئەوەی پێویست بە ڕەزامەندی خۆی هەبێت،ئەوە کۆمپانیاکە مافی خۆیەتی براوەکە بگۆرێت لەدوای تێپەربوونی ماوەی ئاماژە پێدراو و لەوانەشە نەتوانێت سەردانی کۆمپانیا بکاتەوە یان هەر لایەنێکی تر

هەر چیەک بێت بۆ داواکردنی خەڵاتەکە بە هیچ شێوەیەک،وەک وەلامنەدانەوە یان ڕەتکردنەوەی وەرگرتنی خەڵاتەکە یان وەرنەگرتنی ئەوە بە دوا وازلێهێنان ڕەچاو دەکرێت لە لایەن بەشداربووەکەوە.ئەم مەرجە جێبەجێدەکرێت بەسەر هەموو ئەو حاڵەتانەدا کە براوەکە شایستەی وەرگرتنی خەڵاتەکە نابێت بە پێی مەرجەکانی پێشبرکێیەکە.بۆ نموونە بەڵام سنووردار نیە،شکست هێنان بۆ پێشکەش کردنی دۆکیومێنتی پێویست،بەشداری نەکردن لە پێشبرکێیەکە و هەندێ حاڵەتی دیکە کە لە مەرج و ڕێساکاندا ئاماژەی پێدرا بوو.

- خەڵاتەکان ناگوازرێنەوەو ناگەڕێنرێتەوە و بەشداربووەکە خەڵاتەکە وەکو خۆی وەریدەگرێت بە بێ هیچ گەرەنتییەکەوە لە ئاسیاسێل.
- بەهای خەڵاتەکان تەواوە لە کاتی بڵاوکردنەوەکە و ئاسیاسێل هیچ لێپرسراوێتیەک هەڵناگرێت لە هەر گۆڕانکاریەک کە دەکرێت رووبدات لە بەهای هەر کام لەو خەڵاتانە.

**ڕەت کردنەوەی گەرەنتی**

- بەشداری کردن لە پێشبرکێیەکە لەسەر لێپرسراوێتی بەشداربووەکەیەو و بە پێی ئارەزووی تەواوی خۆیەتی.
- کۆمپانیاکە لەسەرێتی قەرەبووی بەشداربووان بکاتەوە بە پێی بەندی 8 ی ڕێنماییەکانی مۆڵەتی پێشبرکێ، لە حاڵەتی وەستاندنی پێشبرکێکە بە هۆی هەڵەی تەکنیکیەوە یان بوونی کێشە لەگەڵ کۆمپانیاکەدا جگە لەو بارودۆخانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی کەس دا نیە.
- نە کۆمپانیای ئاسیاسێل و نە هیچ کام لە بەرێوەبەرەکانی،فەرمانبەران،بریکارەکان یان دابینکەران لێپرسراوێتی هیچ کارێکی شکاندن یان وون بوون یان بریندارببوون کە ڕووبەرووی هەر بەشداربوویەک ببێتەوە لە ئەستۆ بگرێت کە لە ئەنجامی بەشداربوون لە کێبڕکێکە یان لە ئەنجامی وەرگرتنی خەڵاتەکە ڕووبدات.
- ئاسیاسێل لێپرساو نیە لە هیچ کێشەیەک یان تێکچوونی تەکنیکی لە هەر هێڵێک دا بێت،هێڵی تەلەفۆن هەر سیستمێکی کۆمپیوتەر لە ئینتەرنێت،سێرڤەرەکان،دابینکەری خزمەتگوزاری،کۆمپیوتەر یان تێکچوونی سۆفت وێر لە هەر ئیمەیڵێکدا بێت یان داخڵ بوونێک کە بوویێتە هۆی کێشەی تەکنیکی یان قەرەباڵەغی زۆر لەسەر ئینتەرنێت یان هێڵەکانی تەلەفۆن و یان لە هەر ویب سایتێک یان زیاتر لەوانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا لەگەڵیشیدا هەر زەرەرو زیانێک بۆ سەر بەشداربووەکە،کۆمپیوتەر یان مۆبایلی هەر کەسێکی دیکە کە پەیوەندی هەبێت لەگەڵی یان لە ئەنجامی بەشداربوونەوەکەوە رووی دابێت بۆ پلە بەرزکردنەوە یان دابەزاندنی هەر بابەتێک لە پێشبرکێیەکەدا.
- بەداخڵ بوون لە پێشبرکێیەکە ، بەشداربووەکە ڕەزامەندە لەسەر بەرزنە کردنەوەی سکاڵا نامە بۆ هەر حاڵەتێکی وون بوون یان بریندارببوون (لەگەڵیشیدا تایبەتی بێت، ناراستەوخۆ، یان هەر وون بوونێک کە لە دەرئەنجامدا ڕوو دەدات ) لە دژی ئاسیاسێل و پەیوەندیدارەکانی، بەرێوەبەران،ئەفسەران،فەرمانبەران یان بریکارەکان بۆ هەر جۆرە وون بوونێک بێت،شکاندنێک،مافێک، سکاڵایەک یان کردارێک لە هەر جۆرێک بێت یان هەموو لەو شتانەی پێشووتر ئاماژەی پێدرا کە بەهۆی وەرگرتنی یان بەکارهێنانی هەر خەڵاتێک ڕوو بدات لەگەڵیشیدا بەڵام سنووردار نەبێت بۆ بریندارببوونی کەسێتی،مردن و وون بوونی شت و مەک.
- لەکاتی ڕوودانی هەر ناکۆکیەک،ئەوە بەشداربووان دەتوانن سکاڵاکانیان پێشکەش بە ئاسیاسێل بکەن.ئەو سکاڵا یانە بە زووترین کات چارەسەر دەکرێن و بەشداربووان ئاگادار دەکرێن لە ئەنجامەکانی.بەشداربووان مافی پێشکەش کردنی سکاڵا کانیان هەیە سەبارەت بە پێشبرکێیەکە بۆ دەسەڵاتی پەیوەندیکردن و میدیا.
- لەکاتی بوونی هەر نا تەباییەک لە نێوان دەقی ئەم مەرجانە و بەندەکان ئەوا دەقە عەرەبیەکە پشتی پێدەبەسترێت بۆ لێکدانەوەی یاسایی.

Internal Use